# مافی مرۆڤ له كوردستان له نیوان: پروپاگەندەو كردەوەی سیاسی دا..!

## (بە بەهانەی بەشداری وەزیری مافی مروڤ لە كۆنگرەی نیو دەولەتی مافی مرۆڤ لە جنیف)

**موزەفەر عبدالله**

**mozafar_as@yahoo.com**

وەفدیكی عیراقی بە سەرۆكایەتی وەزیری مافی مرۆڤی حكومەتی هەریم لە مانگی مارسدا بەشداری چوارەمین خولی كۆبونەوەكانی ئەنجومەنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەكگرتوەكانی لە جنیفی پایتەختی سویسرا كرد.بە گویرەی هەوالّەكان وەزیری ناوبراو باسی رەوشی دەستەبەربونی مافەكانی مرۆڤی كردووە لە كوردستان لە سایەی دەسەلاّتی حكومەتی یەكیتی و پارتی یەوە . پی دەچیت ناوبراو بە شیوەیەكی وا موبالەغە ئامیز باسی ئاسایش و پاراستنی مافی مرۆڤی لە كوردستان كردبیت بۆیە دەزگاكانی راگەیاندنی هەردوولایان و حكومەتەكەیان پاراستنی مافی مرۆڤی لە كوردستان بە نمونەی بەرقەراربوونی مافی مرۆڤی لە رۆژهەلاّتی ناوەراستدا وەسف كردووە.

دیارە ئەمە یەكەم جار نی یە كە نوینەرانی یەكیتی و پارتی هەر جارەی بە ناویك بەشداری ئەو جۆرە كۆبونەوانە دەكەن كە تایبەتن بە مافی مرۆڤ لە جهان.بەلكو چەندین جاری تر بەشداریان لەو جوۆە كوبونەوانە كردووەو كەوتونەتە پروپاگەندە بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ لە سایەی دەسەلاتی خۆیان. لەم بارەیەوە بە پیویستم زانی چەند تیبینی یەكی سیاسی و كۆمەلّی دۆكیمەنتی زیندوو بكەمە بەر دەستی خوینەران كە چۆن بوونی مافی مرۆڤ لە كوردستان لە سایەی دەسەلاّتی میلیشایی یەكیتی و پارتی وەك سەرابیكە كە جگە لە پروپاگەندی سیاسی هیچی تر نی یەبەلام بە كردووە ئەوەی نی یە مافی مرۆڤە لەم وولاتە.. سەرەتای ئەوە بۆ هەمو لایەك رونە كە كوردستان لە سالی 1992 وە چارەنوسی سیاسی بەهۆی هەلومەرجیكی سیاسی جهانی یەوە بە هەلواسراوی مایەوە هەتا روخانی رژیمی بەعس لە 9 نیسانی 2003. بەلام لەو تاریخەوە ئەم دوو حزبە بە بی ئیرادەی خەلّكەكەی بە زەبری چەك دەیانەویت ببیتەوە بە بەشیك لە عیراق. لە 15-16 سالی رابردوودا خەلكی كوردستان لە سایەی هیزی میلیشایی هەردوو حزب بەزۆر بە ریوە دەبریت ئەوەی هەیە جگە لە فەوزای سیاسی و كۆمەلایەتی هیچ تر نیە . بەلام چونكە هەردوو حزبی قومی دەسەلاّتدارن ئەو دەسەلاتە میلیشیایی یان ناو ناوە حكومەت بە پیی بەرژەوەندی حزبایەتی خۆیان خەریكی دیاری كردنی ماف و ئەركی ئەو خەلكەن.

ئەم 15-16 سالە خەلكی كوردستان نەك لە سایەی حكومەت و یاسایەكی مەدەنی بەریوە نەچووە بەلّكو ئەگەر یاسایەكیش هەوبیت ئەوە تەنها یاسا قەرقوشی یەكانی بەعس بووەو ئەمانە كاریان پی كردووە.بەلام لە دوای رووخانی رژیمەوە دەستیان داوەتە دارشتنی دەستور و یاساكان بە حیسابی خۆیان بۆ دەستەبەركردنی ئەرك و مافەكانی هاوولاتیان.بۆیە ئیمە با لیگەرین لەو پیشلكاریانەی كە لە دەروانی پیش روخانی بەعس بووە بەلّكو تەنها چاویك بخشینن بەسەر ئەو پرۆژەی دەستور یاسایانەی كە ئەمرۆ خەریكن دای دەنین و تەماشای ئەو هەموو سەركوت و داپلۆسینە بكەین كە تەنها لەم 3-4 سالەی دوای بەعس كردویانە ئەوكات تۆماری رەشی دەسەلاتی ئەمانە دەبیین.

تا ئەو جیگەیەی دەگەریتەوە بە پیشلیكاری ئاشكرا لە چوارچیوەی پرۆژەی دەستورەكەیان و ئەو زنجیرە یاسایانەی كە دایان رشتوە وەك یاسای دژە تیرۆرو یاسای سەرۆكایەتی و یاسای لیبوردن و چەندین پرۆژەی یاسای تر هەمویان پرن لە پیشیلكاری ئاشكرا.باشترین نمونە پرۆژەی دەستوری هەریمەكەیانە، كە سەرفەنەزەر لەوەی ئەم پرۆژەیە لە چ هەلو مەرجیكدا دایان رشتوەو دەنگدان و بریاری لەسەر دەدریت، پرە لە جیاوازیكاری و پیشیلكاری لە هەموو رویەكی سیاسی و كۆمەلایەتی و ئابوری و رەگەزی و دینی و قەموی یەوە .

رۆشنە كە دەستور بە بناغەی یاساكان دادەنریت،جا ئەگەر ئەم بنەمایە خالّی لیوە هەستانی مرۆڤ وەك هاوولاتی یەكسانی نەبوو، ئەوە هەرگیز لە سایەی وەها دەستوریكدا ناتوانریت هەرگیز ماف و ئەركەكانی هاوولاتیان بە یەكسانی پیادە بكریت. دەستوریك كە خەریكی ناسنامە داتاشینە بە ناوی ناسنامەی قومی – عەشیرەتی و دینی _ تایەفی و جنسی ..هتد هەرگیز ناتوانی لە رووی سیاسی و كۆمەلەایەتی یەوە بە عەمەلی مافەكانی مرۆڤ دەستەبەر بكات.ئیمە لیرەدا پیویست ناكات بچینە سەر بەند بە بەندی رەخنە گرتن لەو پرۆژەی دەستورەو یاسایانە.بۆیە تەنها سەرنجی خوینەر رادەكیشیم بۆ زۆریك لەو رەخنانە كە لە لایەن خەلكانی ئازادیخوازو یەكسانی خوازو عەلمانی بلاو كراونەتەوە بە تایبەتی ئەو زنجیرە ووتارانە كە لە لایەن ریبوار ئەحمەد و فاتح شیخەوە بلاودەكرینەوە لە بلاو كراوەی ئۆكتۆبەر.

با سەرنجیكی خرا بدەین لە لیستی ئەو پیشیلكارایانەی كە تەنها لە سالی پار لە زنجیرە نارەزایەتی یەكانی خەلّك لە دژی دەسەلاّتی ئەمانە ساز دران كە نارەزایەتی یەكان خۆی لە خۆی نیشانەی نەبوونی مافی مرۆڤە لە كوردستان . هاوكات ئەو هەلّویستگیریانە كە چ بە راپۆرت یان بەیان هاتون لە لایەن كەسایەتی و ریكراوەكانی مافی مرۆڤ و رۆژنامەكانەوە لە دژی ئەو پیشیلكاریانە. ئەمەی خوارەوە ناوی بەشیك لە ناوی ئەو رۆژنامەنوس و هەلسوراوە سیاسی و رابەری نارەزایەتی یەكانی خەلكی كوردستانە كە لە یەك سالّی رابردوودا لە لایەن هیزەكانی ئاسایش و چەكدارانی یەكیتی و پارتی یەوە دەستگیر و زیندانی كراون یاخود هەرەشەیان لیكراوەو ئازار دراون:

لە 29-6-2006 لە خۆپیشاندانی چوارقورنە 15 كەس دەستگیر كران كە ئەمانە ناوی بەشیكیانە:

دانا محمد، فریاد رسول، فلاح سوارە، محمد سلیمان، شالاو صالح، سامان حمە امین، سەباح محمد علی، عامر محمود لە خۆپیشانیدانی 16-3-2206 لە هەلبجە زیاتر لە 100 كەس دەستگیركران و كەسیك بە ناوی كوردە ئەحمەد كوژراو 10 كەسیش و بریندار بوون لە مانگرتنی 27-7-2006 كریكارانی كارگەی چیمەتوی تاسلوجەی سلیمانی لە ئەنجامی تە قە لیكردنی چەكدارارنی كارگە 13 كەس بریندار بوو . لە خۆپیشاندانی رۆژی 6-8-2006 لە كەلار زیاتر لە 15 كەس دەستگیر كران كە ئەمانە ناوی بەشیكیانەدانا محمد، فریاد رسول، فلاح سوارە، محمد سلیمان، شالاو سالح، سامان حمە امین ، سەباح محمد علی. لە مانگرتن و خۆپیشاندانی گشتی شاری سلیمانی لە 13-8-06 زیاتر لە 50كەس لە هەلسوراوانی نارەزایەتی یەكان دەستگیر كران كە ئەمانە ناوی بەشیكیانە ، كە سیانیان ژن بوون بەهرە محمد، هەریز محمد، شوخان، ابوبكر مجید، رزكار

عزیز، نوزاد بابان، علی مولود، بختیار حمه سعید، مسعود محمد، فاتح، سلام مارف، علی حمه صالح، ماموستا علی زانا عزیز، سوران حمه سالح، کوران علی، اوات عبدالله .
هەر لە سەرو بەندی ئەو خۆپیشاندانەی سالی پار دەیان رۆژنامە نوس و هەوالنیری دەزگاکانی راگەیاندنی ناوخۆیی و نیو دەولّەتی دەسگیر کران و ئەشکەنجە دران کە ئەمانە ناوی بەشیکیانە: یاسین مستەفا – پەیامنیر کەنالی زاکروس تی فی دربندیخان 7-8، اسو علی من رۆژنامەی خەلك _ دربندیخان 7-8، تاهر توفیق رۆژنامەی شەقام –دربندخان 7-8، شیرکو تاهر رۆژنامەی داهینان- چەمچەمال 6-8، هادی محمد ئازادی تی فی _ دربندیخان 7-8، هیمن بابان رۆژنامەی هاولاتی - کفری 5-8، فریاد حسین – هاولاتی- دربندیخان 7-8 ، رحمان غریب – رادیۆی ازادی – دەربەندیخان 7-8 ، کوچەر تاهیر – رۆژنامەی جەماوەر _ دربندیخان 7-8 ، علی حمه سالح – هاولاتی_ دربندیخان 6-8، جزا محمد – رۆژنامەی ئاوینە – 7-8 دربندیخان، یەحیا ئەحمد – پەیامنیری ئاژانسی ئەسوشیتدبرس- دەربەنیدخان 7-8، نەبەز ئەحمد -کومەل تی فی- گەرمیان 8-8 ، مستەفا عبداللە – کومەل تی فی – گە رمیان – 8-8، شۆرش رەوف –رۆژنامەی کوردستانی نوی – ناحیەی شورش - 6-8، سەرحەد یوسف – رۆژنامەنوس، ئەکرم غائب رۆژنامەنوس ، ئاسو جەوهەر – رۆژنامەنوس، یەحیا بەرزنجی – رۆژنامەنوس ، ستیفان شەمزینانی –رۆژنامەی ناوەند – 13-8 سلیمانی، ئاسو عوسمان – مالپەری کوردستان نیت -13-8 سلیمانی، شازین هیرش – رۆژنامەی مادینا – 13-8 سلیمانی، تەنها لە مانگی رابردووی ئەمسالدا 3 رۆژنامەنوس بە ناوی رەحمان غەریب و نەبەز گۆران و رزگار کۆچەر لە لایەن چەکداران و بەرپرسانی یەکیتی و پارتی یەوە هەرەشەیان لیکراوەو رفینراون و ئازار دراون.

سالی پار رفاندن و بی سەرو شوین کردنی دکتور کمال سید قادر و ئازار دانی لە لایەن دەزگای پاراستنی پارتی و ئاسایشی هەولیرەوەو پاشان ئاشکرا کردنی و دادگایی کردنی گالتەجارانەی چەند جارەی لە لایەن هەر ئەم دەسەلات و حکومەتەوە ناوەرۆکی پرۆپاگەندەی مافی مرۆڤی ئەمانەی نیشاندا .پاشان ئەوەبوو کە کمال سەید قادر لە ژیر فشارو نارەزایەتییەکی زۆری ناوخۆیی و نیو دەولەتی ئازاد کرا .جگە لە کمال سەید قادر، خۆ راو نان و زیندانی کردنی کەسانی وەك فایەق گولپی سەرۆکی حزبی چارەسەری دیموکراتی لە سلیمانی، و زمناکۆ عەزیز ، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری لە سلیمانی، و بەشدار عەلی هەلسوراوی خویندکاران لە هەولیر، بە بی هیچ فەرمانیکی یاسایی نمونەی تری ئەو پیشیلکارایانەن, جگە لەمانە بەلگەی تر بۆ بە درۆ خستنەوەی پروپاگەندەی مافی مرۆڤ لە کوردستان، راپۆرتەکانی ریکخراوە نیو دەولەتی یەکانە لە :چەشنی راپۆرتی عەفوی دولی، و چاودیری مافی مرۆڤی ئەمریکی، و یەکیتی ئەوروپا ،کە هەمویان جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە چۆن مافی مرۆڤ لە سایەی ئەو وو حزبەوە پیشیل دەکریت .دوا راپۆرت ئەوەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکای دۆستییانە کە لە چەند مانگی رابردوو بلاویان کردوە لەسەر پیشیلکاری مافی مرۆڤ لە کوردستان.

خۆ ئەگەر بیینە سەر ئەو پیشلکاری و بی مافییانەی کە لەسەر نیوەی کۆمەل یانی ژنان هەیە ئەوە ئیتر خالیکی سپی بە رووی دەسەلاتی ئەم دوو حزبە نامینیتەوە ..برۆن تەماشای لیستی ئەو خۆ کوشتن و سوتان و تیرۆرانە بکەن کە تەنها لە نەخۆشخانەکانی کوردستان هەن .ئەو کات لیستی بیشیلکاری بەراوورد بکەن لەگەل پروپاگەندەکانی جەنابی وەزیری مافی مرۆڤ . ئەوە لیگەری لەو تاوانانەی کە رۆژانە لە خیزان و هەموو شۆینەکانی تر دەکریت بە ژنان. لەم بارەیەوە چاوپیاخشانیك بەو نوسین و کتیبانەی کە هەیە لەسەر تیرۆری ژنان، لەوانە هاواریك لە کوردستانەوە لە لایەن ریگا رەووف و کتیبی قوربانیانی ناموس پەرستی ساکار ئەحمەد، بەلگەی ئەو بی مافیانەیە کە بە ژنان دەکریت.

هەر لەم رۆژانەی مانگی نیساندا ئەو رووداوانەی کە لە ناوچەی شیخان روویان دا هەم ئەوپەری پیشیلکاری مافی مرۆڤ بە گشتی وهەم مافی ژنان بە تایبەتی نیشان دا. . کوشتنی کچیکی یەزیدی بە بەهانەی ئەوەی کوریکی موسلمانی خۆش ویستوەو پاشان راکیشانی تەرمەکەی بە ئۆتۆمبیل بە ناو شاردا نمونەی ئەوپەری بالا دەستی دابو نەریت و یاسای سەدەکانی ناوەراستە .هاوکات پیشتریش کوشت و بری وەحشیانەی یەزیدی یەکانی لەسەر مال و حالی خۆیان لە لایەن باندە کۆنەپەرست و دژی ئیسنانی یەکانەوە ئیتر چ ئەوانە لە ناوی ریزەکانی پارتی دان یاخود ئیسلامی یەکان بن ئەوە بەلگەیەکی ترە لە بی مافی مرۆڤ لە کوردستان.

خۆ ئەگەر بینە سەر بی مافی تویژەکانی تر لە لاوان و منالان لە هەموو مەیدانە کۆمەلایەتی یەکان ئەوە لیستی دەسەلاتداران خالی سپی تیا نیە . بیکاری و کۆچ کردنی بە کۆمەلّی لاوان دوای چەند سالّ خویندن هەموو نمونەی بی مافی مرۆڤە لە کوردستان. مەگەر حکومەتەکەیان بە قسە نالیت دەبیت هەلی یەکسان بۆ کار بۆ هەموو لایەك پەیدا بکریت.....!! ئەی ئەگەر ئەو هەلە یەکسانە هەیە بۆ لاوان بۆ لەبەر بیکاری و بە ناچاری روو لە دەرەوە دەکەن ..!

بی مافی منالانیش بە هەمان شیوە بە رادەیەکی سەرسورهینەرە.تەنها سەرنج دان لەو هەزارانە منالانەی کە لە خوار 15 سالەوەن هەتا 4-5 سالانە و منال تریش کە خەریکی جگەرە فرۆشتن و پیلاو بۆیاخ کردنن نمونەی ئاشکرای ئەو بیمافی و پیشیلکاریانەی منالانن. هەلبەت لە ئاستی کوردستان دژ بەم بیمافی و پیشیلکارایانە ئیترت بە هەر شیوەیەك بیت هەیە . لەم 1-2 سالەی رابردوو دەیان نارەزایەتی دەربراوە لەم بارەیەوە کە ئاخرینیان ئەوەی رۆژی 10 ئەم مانگە بوو کە دەیان کەس لە کەس و کاری زیندانی یەکان لەبەردەم پەرلەمان لە هەولیر نارەزایەتی یان دەربری و داوایان دەکرد کە زیندانی یەکانیان سەروشوینیان بزانن کە لەلایەن یەکیتی و پارتی یەوە زیندانین. هەر لە بارەیەوە بەرپرسی لیستی سەوز لە پەرلەمانەکەیان دان بەوەدا دەنیت و دەلیت کە لیستی زیندانیانی ناو زیندانەکانی یەکیتی و پارتی لەبەردەست بەشی مافی مرۆڤی پەرلەمان نی یە و کەس نازانی چەند زیندانی هەیە.ئەمە جگە لەوەی زیندانی یەکانی ئاسایشی خودی حکومەت پرە لە زیندانی و ئەوپەری بی مافیان پی دەکریت.جۆرەها ئەشکەنجەو ئیغتیساب دەکرین .

بی مافی و پیشیلکاری لە رووی را دەربرین و رۆژنامەنوسیش روویەکی تری ئەو بی مافیانەیە لە کوردستان لەم بارەیەوە وەك لەسەرەوە ئاماژەمان پی دا تەنها لەم یەك دوو سالە چەندین رۆژنامە نوس دەستگیرکراون و زیندانی کراون و ئازاو ئەشکەنجە دراون .بۆیە رۆژنامە نوسان بۆ بەرگری لە مافەکانیان و بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ بە گشتی بەیانیان دەرکردوەو نارەزایەتی جۆاروجۆریان دەربریوە . دیارترین نمونەیان کۆبونەوەی نوینەری زیاتر لە 25 رۆژنامەنوس بوو لە 23-8-06 لە نوسینگەی رۆژنامەی ئاوینە لە سلیمانی بۆ بەرگری کردن لە ماف و ئازادی رۆژنامەنوسی و دەستدریژی حزبە دەسەلاتدارەکان بۆ سەر رۆژنامەنوسان. ئەمەش ناوی ئەو لایەنانەیە: زاکروس تی فی، رۆژنامەی ئاسو رۆژنامەی کرانەوە، رۆژنامەی شەقام، رادیۆی زەحمەتکیشان، رۆژنامەی گەنجلاند، رۆژنامەی هاوولاتی، کوردستانی نوی، رۆژنامەی خەبات ، رۆژنامەی ئاوینە، رادیوی ئازادی،

ئازادی تی ڤی، رۆژنامەی ریگای کوردستان، رۆژنامەی یەکگرتو، رادیۆی یەکگرتو، یەکگرتو تی ڤی، رادیوی ریواس، رۆژنامەی راسان، رۆژنامەی ئالای ئازادی، رادیۆی، رۆژنامەی میدیا، رۆژنامەی هەولیر پۆست، رۆژنامەی ریبازی ئازادی، جریدە نهج الحریە، سوسیالیست تی ڤی .

بی گۆمان ئەمانە بەشیکی بچوکی ئەو هەمو بیمافی و سەرکوتە یە بە خەلکی کوردستان دەکریت لە لایەن دەسەلاتی میلیشایی ئەم دوو حزبەوە .بۆیە ئەوەی پیی دەلیین بوونی مافی مرۆڤ لە کوردستان جگە لە پروپاگەندەیەکی سیاسی هیچی تر نیە و بەلام لە رووی یاسایی و بە عەمەلیش خەلکی رۆزانە بەرەو رووی بیمافی و سەرکوتن .وە چەندین جار بەرپرسانی دەسەلات لەو کۆبونەوە نیو دەولەتیانەش راستەخۆ رووبەرویی رەخنە بوونەتەوە.. سەرەتایی نیسانی 2207: